کۆی بەرهەمەکانی

# میرزاشەفێع کولیایی

(بەرگی یەکەم)

دیوانی شیعر
شیرین و فەرهاد
نەوفەڵ و مەجنوون
لەیلێ و مەجنوون
شەماڵ و زەلان
جەنگنامەی خەسرەوخان ئەردەڵان
نەسێحەتنامە(زادەلمەعاد)
مەحشەرنامە
وەنەوش و بەڕەزا

کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوە :
یەحیا موحەممەدی
پێداچوونەوە:
عەلی سوهرابی

www.ketab.ir

| | |
|---|---|
| سرشناسه | کلیایی، شفیع، قرن ١٢ق. |
| عنوان و نام پدیدآور | کوی بەرهەمەکانی میرزا شەفیع کولیایی/ مولف شفیع کولیایی؛ کوکردنەوە ساغکردنەوە و لیکولینەوە یەحیا موحەممەدی؛ پیداچوونەوە عەلی سوهرابی. |
| مشخصات نشر | سنندج: نشر تافگه، ١۴٠٠. |
| مشخصات ظاهری | ٢ج. |
| شابک | دوره۰-٦٣-٧٤٧٥-٦٢٢-٩٧٨ : ؛ ج.١ : ٧-٦٤-٧٤٧٥-٦٢٢-٩٧٨ ؛ ج.٢ :٤-٦٥-٧٤٧٥-٦٢٢-٩٧٨ |
| وضعیت فهرست نویسی | فیپا |
| یادداشت | کردی. |
| یادداشت | ج.٢ (چاپ اول: ١۴٠٠) (فیپا). |
| مندرجات | ج.١. دیوانی شیعر.- ج.٢. شیرین و فەرهاد، نەوفەل و مەجنوون، لەیلی و مە جنوون، شەمال و زەلان ... |
| موضوع | شعر کردی -- قرن ١٣ق. |
| شناسه افزوده | محمدی، یحیی، ١٣۵٩-، گردآورنده، مصحح |
| شناسه افزوده | سهرابی، علی، ١٣۵۴ -، ویراستار |
| رده بندی کنگره | ٣٢۵۶PIR |
| رده بندی دیویی | ٩٨فا٢١/ |
| شماره کتابشناسی ملی | ٧۶۵٧٨٢۶ |
| اطلاعات رکورد کتابشناسی | فیپا |


www.ketab.ir

نشر تافگه


**کۆی بەرهەمەکانی**

**میرزاشەفێع کولیایی(بەرگی یەکەم)**

**کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوە :** یەحیا موحەممەدی

**پێداچوونەوە و هەڵەچنی:** عەلی سوهرابی

**بڵاوکەرەوە :** تافگە

**نەوبەی چاپ:** یەکەم ١۴٠٠

**ئەژمار:** ١٠٠٠

**دیزاینی ڕووبەرگ:** خالد مەهدەویان

**نرخ:**

**شابەک بەرگی یەکەم:** ٧-۶۴-٧۴٧۵-۶٢٢-٩٧٨

**شابەک دەورە:** ٠-۶٣-٧۴٧۵-۶٢٢-٩٧٨



**ناوەندی بڵاوکردنەوە:**

سنە- پاساژی عێزەتی- چاپ و نەشری تافگەی ڕووناکی

تەلەفون: ٣٣١٢٨٣۴١-٠٨٧ تلگرام / واتساپ: ٠٩٣٠۶٧۵٢٣١٧


**هەموو جۆرە مافێکی پارێزراوە بۆ نووسەر**

# پێڕەسی بەشەکان


پێشەکی ---------- ٣
چەند وتەیەکی پێویست ---------- ٤
باسی میرزاشەفیع لە زاری خەڵکەوە ---------- ٨٩
سەرچاوەناسی ---------- ١٠٧
دیوانی شیعر ---------- ١٧٣
ئەو شیعرانەی تەنها لە یەک سەرچاوەدا هاتوون ---------- ٣٢٩
شیعرە ناتەواو و نوقسانەکان ---------- ٣٩٩
شەفیع و هامفەردان ---------- ٤١١
شیعرە جێ‌گومانەکان ---------- ٤٧٩
شیرین و فەرهاد ---------- ٥٦٩
نەوفەڵ و مەجنوون ---------- ٦٦١
لەیلێ و مەجنوون ---------- ٧٠٣
شەماڵ و زەلان ---------- ٧٢١
جەنگنامەی خەسرەوخان ئەردەڵان ---------- ٧٥٣
نەسێحەتنامە ---------- ٧٦٧
مەحشەرنامە ---------- ٨١٥
وەنەوش و بەڕەزا ---------- ٨٤١
دەری ---------- ٨٧٥
پاشکۆ ---------- ٨٧٩
فەرهەنگۆک ---------- ٩٤٣
ئەندێکس ---------- ١٠٢٥
سەرچاوەکان ---------- ١٠٣٩
سووکەڵەی ناوی سەرچاوەکان ---------- ١٠٤٥
وێنەکان ---------- ١٠٤٩


www.ketab.ir

ئەم کتێبە، هەوڵ و کۆششێکی چەندین ساڵەیە، وەکوو هەنگاوێک بەرەو ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی شاعیرێکی ناودار بەڵام بێناز کەوتووی کوردەواری، بە ناوی میرزا شەفیع. لێرەدا وەکوو کۆبەرهەم ناسێنراوە، کە بریتییە لە دیوانی شیعرەکانی شاعیر و چەندین مەنزوومە و چیرۆکەشیعر. شێوازی ئەم کتێبە تا ڕادەیەک لەگەڵ شێوازی دیوانی شاعیرانی‌تر جیاوازە، جیاواز لەوەی کە خەڵک خوویان پێ گرتووە. یەکەم جارە کە بەرهەمەکانی ئەم شاعیرە لە چاپ دەدرێن و هەر کەسێکیش ئەم کارە بکات بێ هەڵە نابێت، بە جۆرێک ئامادەکراوە کە ئەگەر گومانمان لە شیعرێک هەبووە کە هی ناوبراو بێت، بەزەقی و جودا دیارییان بکەین، کە خوێنەر تووشی هەڵە نەبن. بۆیە پێویست بوو کە تا ڕادەیەک جیاواز بێت لە شێوازی دیوانی شاعیرانی‌تر.

پێش خوێندنەوەی ئەم کتێبە، لە دەسپێکەوە، چەند باسێکی لاوەکی بەڵام پێویست هاتوون کە بەرچاوڕوونییەکە بۆ خوێنەر بۆ شێوەی ساغکردنەوەی شیعرەکان و کەڵکوەرگرتنی زیاتر. لە ڕێگای هەڵە و ئەزموونی زۆرەوە بۆ ساغکردنەوە و هێنانە سەر ڕێنووسی ئێستای زمانی کوردی ئەو شیعرە کوردییانەی کە پێشتر بە لاسایی زمانی دەری و عەرەبی نووسراونەتەوە، شێوازێکم بەکارهێناوە کە زۆر بۆ ئەم جۆرە کارانە ئەخونجێت. بە دوای ئەوە لە بەشێکی ئەم کتێبە بە ناوی پێشەکی، ژیان و بەرهەمەکان و زۆر لایەنی‌تری سەبارەت بە شاعیر تێدا باسکراوە. بە دوای ئەوەش لە بەشێکی‌تر، ئەو چیرۆک و بەسەرهاتانەی کە ڕاست یان درۆ لە شاعیر لە نێو خەڵکدا بڵاوە، لەگەڵ تێبینیماندا هێنراون. لە بەشێکی‌تر، هەموو ئەو سەرچاوە دەسنووسانە، لەگەڵ چاپکراوەکاندا کە شیعری شاعیریان تێدا بووە، ناسێندراون. لە بەشی دواتر، ئەو شیعرانەی کە تا ڕادەیەکی زۆر دڵنیا بووینە کە هی شاعیرە، بە ناوی دیوانی شیعر هێناومانە. لە بەشێکی‌تردا ئەو شیعرانەی کە تەنها لە یەک سەرچاوەدا هەبووە و ئەویش بە ناوی شاعیرەوە بووە، بەجودا هێنراون، کە ڕەنگە لە داهاتوودا سەرچاوەی‌تر بەدەست بێت و زانیاری زیاترمان بداتێ. لە بەشێکی‌تریشدا شیعرانێک هاتوون کە بەتەواوەتی لەبەردەستدا نەبوونە و نوقسان و ناتەواو بە دەستمان گەیشتوون، ئەوانەش بەجودا هاتوون. بە دوای ئەوەش لە بەشێک بە ناوی شێعرشیعرێنە یان شەفیع و هامفەردان ئەو شیعرانەی لە شاعیر کە بۆ شاعیرانی‌تری گوتووە و هەروەها شیعر و وەڵامی شاعیرەکانی‌تریش هاتوون، بە جۆرێک کە پێویست نەکات خوێنەر بۆ دیتنەوەی وەڵامی شاعیرەکانی‌تر دیوانی ئەوانیشی لەبەردەستدا بێت. لە بەشێکی‌تریش هێندێ شیعر هاتوون کە بە ناوی میرزاشەفیع ناوبراون، بەڵام هەندێ کەسی‌تر بە هی شاعیرانی‌تریان زانیوە و خاوەنی شیعرەکان جێگای گومانن و بەدواداچوونی زیاتری پێویستە کە بیکەین بە ناویانەوە. بە دوای ئەمانەش بە ڕیزەوە مەنزوومە و چیروکە شیعری، شیرین و فەرهاد، نەوفەڵ و مەجنوون یان نەوفەڵنامە، لەیلێ و مەجنوون، شەماڵ و زەلان، جەنگنامەی خەسرەوخان ئەردەڵان هەر کام لە بەشێکی جودا هاتوون. بە دوای ئەمانەش سێ

www.ketab.ir

مەنزوومە بە ناوەکانی نەسیحەتنامە یان زادەلمەعاد، مەحشەرنامە، وەنەوش و بەڕەزا، کە بە ناوی میرزاشەفیعەوە ناوبراون بەڵام جێگای گومانن، هاتوون. دواتر لە بەشێکی کورت سێ شیعر بە زمانی دەری هاتوون کە لە دەسنووسەکاندا لە نێوان شیعرەکانی میرزاشەفیعدا بوونە، بەڵام جێگای گومانە کە هی ئەو بن. بە دوای ئەمانەش لە بەشێک بە ناوی پاشکۆ هەر شیعرێک لە شاعیر کە پێویست نەبووە لە نێو دیوانەشیعرییەکەدا بێت و دەبوایت کە خوێنەر ئاگاداری ئەمەش بێت، لەگەڵ هەر چی شیعری شاعیرانیتره کە پەیوەندی بە میرزاشەفیع یان باسی کتێبەکەوە بووە بە دیاری کردنی خاوەنەکانیان هاتووە. لە بەشی فەرهەنگۆک یان وشەدانەکەدا ئەو وشانەی کە لەم کتێبەدا هاتوون مانایان لێکدراوەتەوە، ئەڵبەت نەک هەموو وشەکان، بەڵکوو ئەو وشانەی کە لە کتێب و شوێنانیتر مانایان هاتووە باس نەکراون. برێکیش لە وشەکان مانایەکی پڕبەپێستیان بۆ نەدۆزرایەوە و تەنها دیاریمان کردووە و لە درێژەی وشەکاندا هاتوون.

بۆ پاڵفتە کردنی شیعرەکان و زانینی خاوەنی شیعرەکان، لیستی شیعرەکانی ئەم کتێبەم بۆ چەندین کەس هەنارد کە لە وەڵامەکانیان کەڵکمان وەرگرت. هەروەها بۆ مانای وشەکان لە بەشی فەرهەنگۆکدا هەر ئەم کارەمان دووپات کردەوە، بەڵام وەڵامێک نەهات.

بەدڵنیاییەوە زۆرێک لە شیعرەکانی شاعیر بە دەستمان نەگەیشتووە، هەتا لەم کتێبەدا بیهێنین ئەم کارەش بێ هەڵە نییە، بەڵام کۆشاوین کە کەمترین هەڵەی تێدا بێت. هیوادارم چاوی تیژبینی ئێوەی خوێنەر هەڵەکانمان بۆ دیاری بکات و ئەگەر کرا لە داهاتوودا بۆ چاپی کۆبەرهەمێکی پاڵفتەتر بەکاری بێنین. بۆیە خۆشحال دەبین کە هەر شیعرێکیتری شاعیر و هەر جۆرە ڕەخنە و زانیاری و هەڵەیەک شک دەبەن لە ڕێگای ئیمەیلی amirmohammady۵۹@yahoo.com یان تەلەگرامی @Yahya۲۹۸۶۴ بۆمانی ڕەوانە بکەن.

لە ماوەی ئەم چەندین ساڵە، بۆ ئەم کارە زەحمەتی زۆرم بە کەسانێک داوە، کە پێئەزانین و سپاسیان ئەکەین. لەوانە کاکە حەمەڕەشی ئەمینی کە بە دڵێکی فراوانەوە هەر چی دەسنووسی سکانکراو و دیجیتاڵی سەبارەت بە میرزاشەفیع هەبوو، لە یەکەم دیداردا بێ هێچ چاوەڕوانییەک، پێمانی دا. هەروەها براگەل عازیز سەیدئارمان حوسەینی و کاکە عەبدوڵا حەبیبی و کاکە غەفار ئیبراهیمی و زۆرکەسیتریش کە یارییان داوین. هیوادارم ئەگەر ناوێکم نەهێنابێت لێم نەگرن. کاکە عەلی سوهرابی زەحمەتی کێشا و لە دەسپێکی کتێبەکە هەتا ئاخری بەشی سەرچاوەناسی، هەڵەچنی و ویراستاری کرد. هیوای لەشساغی و تەمەندرێژیم بۆ هەموو ناوبراوان هەیە.

**یەحیا موحەممەدی ۲۷۲۰**

www.ketab.ir